# پیاوێک خۆی دەنوسێتەوە
# پیاوێک خۆی دەسڕێتەوە

حەمەکاکەڕەش

بۆبرادەرێکی گێڕابۆوە کەگوڵێک لەلێوەکانی ڕواوەو باڵندەیەک لەئێوارە یەکی پڕئاشوب و ترسناکدا ئەمی لەسەر باڵەکانی داناوەوفڕیوە بۆ ئاسمان ئیدی لەوڕۆژەوە خەونەکانی پڕبوون لەگوڵ و باڵندە کەسوێندی دەخوارد دەیووت بەچاوی گوڵ بەسەری باڵندە لەوڕۆژەوە کەخۆر ئاوادەبوو دەیووت خۆر لەباڵندەیەک دەچێ فڕینی پێنەمابێ لەگوڵێک دەچێ وەرین بینووسێتەوە، لەوڕۆژەوە هەزاران باڵندە لەچاوەکانیا لەنگەریان دەگرت بۆنی گوڵ لەهەناسەی دەهات کەباران دەباری لەژێربارانەکەدا دەوەستا دەیوت سەیرکەن لەهەردڵۆپێک باران دا گوڵێک و باڵندەیەک هەیە کەبەفردەباری دەیوت ئێوەناییبینن هەرکلووە بەفرێک گوڵێک و باڵندەیەکە. کە با، هەڵیدەکرد وەک شێتێک دەگریاو دەیوت با، بۆنی گوڵی لێدێت با، هەناسەی باڵندەیەکی برینداەرەو ئێوە بۆنی گوڵ ناکەن هەست بەبرینی هیچ ڕوح لەبەرێک ناکەن لەوڕۆژەوە خەون و خەیاڵەکانی پێکەنین و گریانەکانی هەر گوڵ و باڵندە بوون هەر چیرۆکێکی دەگێرایەوە بەگوڵ و باڵندە دەستی پێدەکردو کۆتایش هەر گوڵ و باڵندە لە ئاسمانی چیرۆکەکانیدا سەمایان دەکردو دەفڕیتن لەنگەریان دەگرت هەموو شتەکان بەگیانداروو بێ گیانەوە مانایەک جوانییەک هێمایەک بوون بۆ گوڵ و باڵندە ،هەرچەندە شێوەکار نەبوو بەڵام ئەو عەشقە بەهەموو ڕەنگەکان هەر وێنەی گوڵ و باڵندەی پێدەکێشاو . کاتێک برادەرەکانی باسی مردنیان دەکرد ئەم دەیووت من نامرم ڕۆژێک دێت دەبمە باڵندەو خۆم لەشینایی ئاسماندا ون دەکەم گەرباڵەکانیشم هەڵوەرێت دەبمە گوڵێک و خۆم دەدەم لەبەرگی دەفتەری مناڵێک یان لەئینجانەیەکدا گوێ لەفرمێسکەکانی کچێکی تەنیا دەگرموو یادەوەرییەکانی ئەو ڕۆژگارانە دەنووسمەوە کەهیچ و پووچی لەعەشق جوانتر دەدرەوشایەوەو عەشق باڵندەیەکی بێ ئاسمان و خواوەندو ڕۆژگاربوو، کەبرادەرەکانی باسی مردنی گوڵێک باڵندەیەکیان دەکرد هەیهات لەو کات و ساتە لەبارانێکی شپرزەو سەرگەردان دەچوو بۆ خاکێک بگەڕێت بەسەریدا بباریێ لەڕەشەبایەک دەچوو پەنایەک نەبێت گڤەو هوژەی بگرێتە خۆ . کەمەرگی گوڵێک باڵندەیەکی دەبیست بۆ دۆزینەوەی تەرمەکانیان باخچەو دەریاو دارستان و شاخ و دۆڵ و دەشت و دەر نەدەما نەگەڕێت بەبرادەرەکانی دەوت وەرن بگەڕێین توێی دەفتەری مناڵەکان بگەڕێن لەتوێی هەردەفتەرێکدا گوڵێک و باڵندەیەک مردوون ژێرپێی عاشقەکان بگەڕێن لەهەنگاوی هەرعاشقێکدا تەرمی هەزاران گوڵ و باڵندە دەبینی ، ناو ئینجانەی ماڵە خامۆشەکانی دڵ بگەڕێن ئینجانەکان پڕن لەتەرمی گوڵ و باڵندە. ئەودەستانەی کەئاو دەکەنە ئینجانەکانەوە ئینجانەی دڵی خۆیان لەچاوەڕوانی چەند دڵۆپێک ئاودا لەچەندین لاوە درزی بردووە، وەرن بگەڕێین ئێمە نابێت بوەستین دەبێت ئاوێنەی ژووری نوستنی جەللادەکان بگەڕێین ژێردەمی چەقۆکان هەناسەی تاریکی تفەنگەکان ڕوناکی هەلاهەلای قەفەزەکان بگەڕێین چیمەنی تەڕو خامۆشی خویندنگاکان و سەدای بەرزی مزگەوت و

بێدەنگی ترسناکی گۆڕستانەکان بگەڕێین، دەبێت چوارچێوەی وێنەکان و قوڵپی گریانو قاقای پێکەنین و پەنجەڕاوەشاندنی ئێوارەیەک بگەڕێین کەخۆر فریای کۆکردنەوەی تیشکەکانی ناکەوێت،وەرن شەپۆلی ئاوەکان ڕاگرین چاوی نوقاوی بەردەکان هەڵدەینەوە. تۆزی نیشتووی سەرشەقامەکانی شاری یاد بگەڕێین . سەر بەهێلانەی سەر درەختەچڕەکاندا بکەین بەدیوارە بەرزەکاندا هەڵگژێین لەدەرگای ماڵە کپەکانی خەیاڵ و جوانی بدەین یەکە یەکە ئەستێرەکان بتەکێنین دەستی مانگ بگرین تا ڕێگای زەریاکانمان پیشانبدا هانا بۆ تاریکی بەرین بەرلەخۆر ئاوابوون دەرگای سنوقەکانی بکاتەوەو هەرچی تەرمی گوڵ و باڵندەی نیگا ئاگراوییەکانە بەتەنافی دواتیشکی خۆردا هەڵخەین تا ژیان ڕوانینە وەریوەکان کۆکاتەوەو خۆر بەپەنجە باریکەکانی تۆزی تاریکی سەر پێڵوەی تەرمەکان سپیکاتەوە تاتەرمەکان وەک منداڵیک بەدوی فڕینی کۆترێکدا لەسپێتی پەڵەهەورێکا ونبن ، یەکێک لەبرادەرەکانی وتی، تەرمەکان چۆن زیندو دەبنەوەو دەتوانن وەک مناڵێک لەپەڵەهەورێکا ونبن .. نا برادەر تەرمەکان نامرن تەرمەکان وەک پشکۆی ژێر خۆڵەمێشەکان وان لەگەڵ هەڵکردنی یەکەم هەناسەی بادا وەک ئەستێرەیەک لەتاریکیدا دەدرەوشێنەوە وەک باڵندەیەک لەزریان و گێژاودا دەفڕن وەک سەگێک لەژێرداڕوخانی خانویەکدا دەزوقێنێ و دەربازدەبێ دەربازدەبن تەرمەکان تەرمی ئاسایی نین تەرمی من و تۆن تەرمی ئەو ژنانەن شەوانە بەلێوی گەرم و سووری پشکۆی ئاگردانەکان خۆیان بەتاڵدەکەنەوە تەرمەکان نیگا وەریوەکانی ئێمەن ئەوان نامرن کەوتونەتە ژێر وشک بوونەوەی ڕۆژەکانی تەمەنەوە